## له دەسماڵێ  وه بۆ وەفایی ئاراس عومەر20/10/2010

ئەدەب و هونەر رازەکانی سەرکەوتنی عەدنان کەریم دەخاتەڕوو

سەرەتایەک

نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەوکاتەی دەچێتە سەر تەختی شانۆو گۆرانییەکی فۆلکلۆری سادە بەناوی (دەسماڵێ) دەچڕێت، کێ لەپڕوایدا هەبوو کە رۆژێک بێت کامکارانء ئۆرکێسترای تاران میوزیکی بۆ بژەنء ئەویش دوڕرو گەوهەرەکانی (وەفاییء ئەحمەد موختار جافء مەولەویء کاکەی فەلاح) لەگەرووی ببارێت، ئا ئەم رێگەیە (لە دەسماڵێ-وە بۆ وەفایی) رێگایەکی هەروا ئاسان نییەء حەقی خۆیەتی هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، حەقی خۆیەتی نەک بە نووسینێکی چەند دێڕیی لەم شێوەیەی من، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی (کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ئەکادیمی میوزیکی) بۆ بکرێت، تاوەکو ببێتە وانەیەک بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دنیای هونەری گۆرانیدا خولیای بەرەو لوتکە رۆیشتن لەسەریاندایە.

بێگومان هونەر بەشێوەیەکی گشتیء هونەری میوزیکء گۆرانی بە تایبەتی، یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی کە زۆربەی ئاستەکانی تری هەر نەتەوەیەکی لێوە پێناسە دەکرێت، بۆیە تا چەند هونەرەکەمان کوردیانەء رەسەنانەء کامڵ بێت، هێندە وێنای خۆمانء نەتەوەکەمان لای گەلانی تر جوانتر دەبێت، تا چەندیش ببینە تووتیء ئاوازو مۆسیقای بیانیء تورکیء عەرەبی بەناوی نوێکارییەوە بهێنینە ناو کارە کوردییەکانەوە، هێندەی تر لاوازیء بێتوانایی خۆمانء هونەرەکەمانء نەتەوەکەمان بۆ گەلانی تر دەخەینەڕوو.. دیارە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ناکرێت نوێکارییء داهێنان لە کارە هونەرییەکاندا بکرێت، بە پێچەوانەوە، دەکرێت بە جوانترین شێوە داهێنانء تازەگەریی بکرێتء لە هەمان کاتدا ئەو پێشینە جوانەی هونەری کوردیش بپارێزین.

ئەوەی دەمەوێت لەم نووسینەدا بە زمانێکی سادەو وەک گوێگرێکی هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم بیخەمەڕوو، نە لێکۆڵینەوەی کەسێکی ئەکادیمیە لەمیوزیکء مەقامات، نە پسپۆڕ لە هونەری گۆرانی، هەروەها چەندە مەبەستمە کورتە تێڕامانێک لەسەر عەدنانء هونەرەکەی بخەمەڕوو، لەپەنای ئەوەشدا ئەوەندە مەبەستمە باسی دۆخی هونەری گۆرانیء میوزیک بکەم لەئەمڕۆدا، چونکە زۆر دەمێکە مەراقم بوو داخی دڵم هەڵڕێژم دەرهەق بەو کرچوکاڵیء بێتامییەی کە ئەمڕۆ ناویان لێناوە هونەر.

فەوزایەک

کە ئەوسەری دیار نییە

بەداخێکی زۆرەوە، جگە لەچەند هونەرمەندێکی تاکوتەرا کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، هونەری میوزیکء گۆرانی لای هونەرمەندانی ئێمەی کورد دەمێکە هەڵگری پەیام نییە، بەو مانایەی کە هونەرمەند نە خۆییء نە هونەرەکەیشی پەیامێکی راشکاوانەی ڕوونیان پێ نییەو خۆیشیان نازانن بۆچی گۆرانی دەڵێن، نازانن کە ئایا دەیانەوێت چی بگەیەنن بە گوێگر، هێشتا فێری ئەلفوبێی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تێکستء میوزیکء ئاوازدا نەبوون، پەلاماری کلیپء کۆنسێرت دەدەنء بە هونەرمەندی گەورە ناودەبرێن، تاکە مەقامێکیان بەڕێکوڕەوانی بۆ ناوترێتء هیچ مۆرکێکی کوردانەیان پێوە دیار نییە، کەچی بە هونەرمەندی ناودار ناویان دەهێنرێت، گەر تێکستێکی شاعیرانی کلاسیک یان شاعیرانی سەردەمیان پێبدەیت رەنگە واقیان وڕبمێنێتء بگرە باکگراوەندی مەعریفی خۆیشیان هێند لاوازبێت هەر لە تێکستەکە تێنەگەن، چ جای ئاوازء میوزیکی بۆ داپڕێژن، بۆیە بە تەنها بە دوو وشەی سادەی رۆژانەء ئاوازێکی ناسازو مۆسیقایەکی دزراو دەیانەوێت خۆیان بکەنە بازرگان بەسەر گوێگرەوە، هەرچی لە دەمیان دیتەدەرێ لای هەوادارەکانیشیان دوو رۆژ پڕناکاتء سێهەمین رۆژ کەس گوێیان لێناگرێت، من تێناگەم کە دەبێت پەیامء سوودی ئەمجۆرە هونەرء گۆرانییە بۆ کوردء کەلتوورء هونەرەکەیء زمانەکەی چی بێت؟ ئەم بێسەرەوبەرەییە کەی کۆنترۆل دەکرێتء کێ لێی بەرپرسە؟!

دیارە کاتێک باسی پەیام دەکەم، تەنها مەبەستم پەیامی رۆحی نییە، بەڵکو جەستەء رۆح بە هەردوو بەشەکەیەوە، جەستەش وەک رۆح، پەیامء زمانی خۆی هەیە، بەڵام بۆ نەگبەتی ئێمە زۆربەی ئەوانەشی کە دەیانەوێت شتێک بۆ جەستەمان بنێرن، دیسانەوە شارەزا نینء بێتوانان، ناتوانن کوردییانە لەگەڵ جەستەمان قسە بکەن. ناتوانن رەسەنانە هونەرەکەیان بە دنیا بناسێنن، زۆربەیان تەنها ئەوەندە تێگەیشتوون کە میوزیکێکی ناریتمی بێسەروبەری خێرا دەتوانن شادمان بکەن، لەوە تێنەگەیشتوون کە دواجار ئەوەشی کە جەستە دەجوڵێنێت سەرچاوەکەی ناخء رۆحی مرۆڤەکانە.

عەدنان کەریم

لەم سەردەمی فەوزایەدا

ئا لەم سەردەمەدا کە باسم کرد، لە گەرمەی بێ پەیامییء بێ ناوەڕۆکی هونەری گۆرانیء میوزیکدا، هەرجارەو عەدنان کەریم بە شاکارێکەوە دێتەوە ناومان، جارێک بە (شنەی با) لەگەڵ مەحویء کوردیء نالیء بەختیار عەلیء هیوا قادرء محەمەد عومەر عوسمان، بە دەستوپەنجەی میوزیکژەنانی وەک گۆران کامیلء فەرهاد محەمەدء غەمگین فەرەج باوەشێنی دڵمان دەکات، جارێکی تر بە(ئەمشەو) شەوانمان پڕدەکات لەڕەسەنایەتی، جارێکی تر

به (تاقگەیەک لە عیشق) بەبێ وجودی حەبیبە تاسەر ئێسقان عاشقمان دەکات، دواتریش بە(وەفایی) لەگەڵ وەفاییء ئەحمەد موختارجافء مەولەویء کاکەی فەلاح، ئاوێزان بە هەستی کامگارانی رەمزی هونەری کوردیء ئۆرکێستراى وڵاتێک کە بە لانکەی هونەر ناسراوە، دێتء پێمان دەڵێت: (ئەمە هونەرەکەی منە، پەیامی من ئەوەیە کە پێتان بڵێم نەکەن واز لە پێشینەکانتان بهێنن، نەکەن رێگە بدەن ئەو قەسیدە مەزنانەی گەورە شاعیران بەرەو بیرچوونەوە بچن، نەکەن رازی ببن بەوەی میوزیکی عەرەبیء تورکیء بیانیتان بە نرخی کوردی پێ بفرۆشن، ئیشی من ئەوەیە تازەگەری بکەمء رەسەنایەتیش بپارێزم، وەفایی بە گەورە میوزیکژەنانی دنیا بناسێنمء تێکستە ناوازەکانی بە سۆلۆی دەنگ بخوێنم (هەموو ئەمانە جگە لە چامەکەی سالمء ئەلبومی ئەڕۆی ئۆغرو شەوی یەڵداو زیندووکردنەوەی چەندین بەرهەمی ناوازەی هونەرمەندە گەورەکانی کورد، بۆیە هونەرمەندێکی لەم شێوەیە لەڕۆژگارێکی لەم شێوەیەدا جێگای ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستییە.

نهێنییەکانی سەرکەوتنی عەدنان کەریم:

یەکەم :
راستگۆیىء بەردەوامیی
بوزورگی عەلەوی لەڕۆمانی (چاوەکانی)دا دەڵێت: (مرۆڤ بەرلەوەی هەرشتێک بێت، پێویستە مرۆڤ بێت)، واتە بەرلەوەی هەرشتێک بیت، پێویستە مرۆڤ بیت بەو مانایەی راستگۆو دڵسۆز بیت لەگەڵ خۆت، لەگەڵ ئەو کارەی کە دەیکەیت، لەگەڵ دەوروبەرت، لەگەڵ ئەوانەی کاریان بۆ دەکەیت.. بەو مانایەی مرۆڤ بیت بە هەموو بەها جوانەکانییەوە، هەڵگری پەیامێک بیت خەڵک هان بدات رووەو بەها جوانەکانء دووریان بخاتەوە لە ناشیرینیەکان، بەو مانایەی لەپێناو ناوبانگء مادەو هەندێ شتی تردا خۆت دانەبەزێنیت بۆ ئاستێک کە ئاستی مرۆڤ نین.
عەدنان کەریم ئەو دێرەی بوزورگی زۆر بەتەواوی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە، ئەو، هەمیشە بە جوانترین شێوە رێزی لە هونەرەکەی خۆی گرتووە بەوەی کە رەسەنایەتیء کوردایەتی ئاوێتە بە داهێنانی نوێ لە جوانترین مۆرکی بەرهەمەکانی بوون، ئەو هونەر تەنها لەپێناوی هونەردا دەکات، نەک لەپێناو پەیداکردنی پارەدا ببێتە بازرگانء هەر ٦ مانگ جارێک بە کۆمەڵێک ئاوازی بیانیء تێکستی بێماناوە خۆی بکاتە بازرگانء ئەلبوم بڵاوبکاتەوەء کۆنسێرت رێکبخات. ئەو رێزو گرنگیدانێکی بێپایانی هەبووە بۆ گەورە هونەرمەندانی پێش خۆیء بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە کە بە هەناسەکانی ئەوان دەژی، خاوەنی گەورەترین خۆشەویستییە بۆ شاعیرانء بەجوانترین ئاواز تێکستەکانی ئەوانی رازاندووەتەوە، راستگۆیە لەوەی وڵاتء هونەرء ئەدەبی وڵاتەکەی خۆی خۆشدەوێت، رازی نییە بەهۆی ئەوەوە بچووکترین لەکە بەر هونەری کوردی بکەوێت، بە کوردیء بە کورتی ئەوەی کە ئاشکرایەء ئێمە لێی تێدەگەین، ئەو نایەوێت بازرگانی بە هونەرێکەوە بکات کە لەپێناو زیندووکردنەوەی (رەسەنایەتی ئاوێزان بە داهێنانء جوانکاریی) پێشکەش بە گوێگرانی دەکات، ئەو هەمیشە کار لەسەر رۆحمان دەکاتء پەیامی سیحراویی بۆ دڵ دەنێرێت، من زۆرجار دەڵێم، سوپاس بۆخوا کە ئەگەر عەدنان کەریم نەبوایە، کێ بەو تێکستء ئاوازء میوزیکە جوانانە رۆحمانی تێر بکردایە.
عەدنان کەریم راستگۆیە لەوەی کاتێک لەو رۆژگارە سەختانەی دوای ناوەڕاستی نەوەدەکانەوەء ئێستاشی لەسەرەرێت، کە زۆرینەی هونەرمەندانء نووسەرانء وێنەکێشانء رۆژنامەنووسان و...هتد، لەپێناو هەندێ شتی کاتیدا هەریەکەو دەبنە گۆرانیبێژی لایەنێکء هەریەکەء خەریکی رێکخستنی جۆرە ئاهەنگێکن، ئەو کاتانەی کە هونەری کوردی دەکرێتە هونەری بۆنەء موناسەبات، ئەو لە تاکە بۆنەیەکدا دەرناکەوێتء هونەر تەنها بۆ میللەتەکەی دەکات، ئەو لە کارەساتە دەستەجەمعییەکانی وەک کۆڕەوو خۆشیی ناخۆشییە نەتەوەییەکاندا نەبێت، کە بە سۆزێک بەشداریی لەگەڵ میللەتەکەیدا دەکات، لەوە بەدواوە هونەرمەندی هیچ لایەک نییەء تەنها رێبوارێکی ڕێی هونەری راستەقینەی کوردەوارییە، بگرە ئەو کاتانە دەقۆزێتەوە تا پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆی بدات لەڕووی دەنگء میوزیکء لایەنی رۆشنبیرییەوە، ئەوەندەی ئاگاداربم لەو کاتانەدا ئەو سەرگەرمی خوێندن دەبێتء دەستبەرداری هونەرە راستەقینەکەی خۆی نابێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پشوودرێژییء بەردەوامییە هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ گەیشتنی بەم ئاستەی ئەمڕۆی، ئەو هێندە بەپەرۆش دەبێت بۆ هونەرەکەی تا دەگاتە ئەو ئاستەی لەماڵەکەی خۆیدا ستۆدیۆیەک دادەمەزرێنێتء کارە هونەرییەکانی لەوێ تۆمار دەکات، کە ئەگەر هەڵە نەبم ئەلبومی (شنەی با) کە ناوازەترین ئەلبومیەتی لەو ستۆدیۆیەدا تۆمارکراوە.
سەیرکەن خەڵکینە، هەندێک کەسی بەناو هونەرمەند، بە دەیان هەزار دۆلاریان بۆ سەرف دەکرێت بۆ ستۆدیۆء میوزیک، کەچی لە کۆتاییدا بە تافیهترین بەرهەم لە کارەکە دەچنە دەرەوە، هەندێکیش ماڵەکەی خۆیان دەکەنە ستۆدیۆء بەرهەمێک پێشکەش دەکەن کە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە. دووەەم:
شارەزایی میوزیک
یەکێکی تر لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی عەدنان کەریم، شارەزاییەتی لەبواری میوزیکدا، ئەو ژەنیارێکی باشی ئامێری عودە، بەهۆی ئەو شارەزاییەشەوە زۆرباش دەزانێت کە چۆن گۆرانی دەڵێتء چ جۆرە ئاوازێک هەڵدەبژێرێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ میوزیک دەکاتء دەنگی خۆی چۆن لەگەڵ میوزیک رێکدەخات، بەڕای من نەهامەتیء

کارەساتە کەسێک خۆی ناوبنێت هونەرمەندە بەلایەنی کەمەوە شارەزای یەکێک لە ئامێرە میوزیکییەکان نەبێت، تەنها دەنگ بەس نییە بۆ ئەوەی پێت بڵێن هونەرمەند، رەنگە یەکێک تەنها بە دەنگ بتوانێت گوێگر بۆلای خۆی رابکێشیت، بەڵام دەبێت بۆ هەمیشە لەلایەن کەسانی ترەوە ستایلء ئاستی دەنگی گۆرانیء ئاوازی بۆ دیاری بکەن، کە دواجار ئەمەش بێ کەموکوری نابێتء ناگاتە ئەو ئاستەی پێی بوترێت هونەرمەندێکی کامڵ.
سێهەم:
تێکستء مامەڵە لەگەڵ تێکست
گومانی تێدا نییە کە ئەگەر تێکست نیوەی گۆرانیء کارێکی هونەری نەبێت، ئەوا سێ یەکی گۆرانی پێکدەهێنێت، وەک وتمان گۆرانی دەبێت هەڵگری پەیام بێت، بەشی هەرە گەورەی ئەو پەیامەش لەڕێگەی تێکستەوە دەگاتە گوێگر، بۆیە ئەگەر دەنگء میوزیکیش لەهەر ئاستێکدا بن، تێکستێکی لاواز تەواوی ئەوانی تریش تێکدەدات، ئەگەر میوزیکء دەنگ دڵء پڕەی پشتی هەرکارێک بێت لە هونەری گۆرانیدا، ئەوا بێگومان تێکست رۆحی ئەو کارەیەء بەبێ تێکستێکی جوان ئەو پەیامە بە مردوویی دەگات.
عەدنان کەریم شارەزایەکی بە ئەزموونە لەهەڵبژاردنی تێکستدا، چ لە شیعری شاعیرانی کلاسیکء چ لە شاعیرانی سەردەمیش، لەناو ئەو تێکستانەشدا بەدوای جوانتریندا دەگەڕێتء هەمیشە تێکستی گۆرانییەکانی پڕە لە وێنەی جوانی کوردەواریء مانای جوان، کە بەڕای من ئەمەش یەکێکی ترە لەڕەگەزەکانی سەرکەوتنی هونەرەکەی عەدنان کەریم، بۆ نموونە ئەگەر تەنها یەکێک لە ئەلبومەکانی عەدنان کەریم وەربگرین، دەبینین لەو ئەلبومەدا تێکستی زۆربەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی کوردییان تێدایە، هەر لە کلاسیکەوە تا رۆمانتیکء ریالیزمء شیعری ئازاد، لە مەحویء نالیء سالمەوە بۆ هیوا قادرء بەختیار عەلیء محەمەد عومەر عوسمان، لە کاکەی فەلاحەوە بۆ شێخ نوری شێخ ساڵحء وەفاییء هێمنء گۆران، بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە خواستی عەدنان کەریم بۆ هەڵبژاردنی تێکست تەواو سەرکەوتووانەیەء یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی.
دیارە لێرەدا مەبەستم لەمامەڵە لەگەڵ تێکست هارمۆنیەتی نێوان ئەو ئاوازء تێکستەیە کە لە گۆرانیەکدا دەبینرێن. یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی دنیای هونەری کوردی، نەگونجاویی نێوان تێکستء ئاوازە، زۆربەی جار تێکستێکی حەزین دەبینین ئاوازێکی بۆ دانراوە هەر ئەوەی ماوە پێی هەڵپەڕین، زۆرجاریش بە پێچەوانەوە تێکستێکی جوانی شاد ئاوازێکی جەرگبڕی بەبەردا دەکرێت..
شارەزایی عەدنان کەریم لەڕاگرتنی هارمۆنیەتی نێوان تێکستء ئاوازدا ئێجگار ناوازەیە، ئەو کاتێک ئاوازی تێکستێکی رۆمانسی وەک (نەشئەی بادە) یان (تاقگەیەک لە عیشق) یان (سروشت) دادەڕێژێت، نەشئەیەکی وا عاشقانەت پێدەبەخشێت وا هەست دەکەیت کە گەورەترین دڵدار تۆیت، کاتێکیش ئاواز دەکاتە بەری تێکستێکی غەمناکی وەک (ناسۆری تەشەنا – مەیگێر) یان (کۆچی کوردان) وا هەست دەکەیت کە بەقوڵایی نەهامەتیء ناخۆشییەکاندا گوزەر دەکەیت ئەگەرچی ئەو دۆخەشت نەبینیبێت... بۆیە جێگەی خۆیەتی کە بڵێین عەدنان کەریم وەستایەکی تەواو بە ئەزموونە لەڕاگرتنی ئەو پەیوەندییەی نێوان مانای تێکستء ئاوازدا.
چوارەم:
شارەزایی لە مەقامدا
مەقام یەکێکە لەڕەگەزە هەرە سەرەکیء بنەڕەتییەکانی گۆرانی، ئەوەی شارەزایی لە مەقامدا نەبێتء بیەوێت لە دنیای گۆرانی رۆژهەڵاتیدا بەرەوپێش بچێت، رێگایەکی زۆر هەڵەی گرتووەتەبەر. بەڕای زۆربەی شارەزایانی بواری میوزیکی کوردی، لە دوای کەڵە هونەرمەندەکانی وەک عەلی مەردانء مامۆستا تایەر تۆفیقء ماملێء دیلان، ئێستا عەدنان کەریم تاکە دەنگە کە هیوای ئەوەی لێدەکرێت مەقامی کوردی بپارێزێت، گەر تێبینی ئەو مەقامانە بکەیت کە عەدنان کەریم لە تەنها ئەلبومێکدا دەیچڕێت، گەر زۆر نەشارەزاش بیت، بە ئاسانی هەستی پێدەکەیت کە جۆری ئەو مەقامانە زۆر دوورن لەیەکەوەء هەریەکەیان پێوستییان بەجۆرە شارەزاییەک هەیە، ئەم ئیشکردنەی عەدنان کەریم لەسەر مەقامە جیاوازەکان شارەزایی ئەو دەردەخات لە دنیای مەقاماتدا، بەو هیوایەی کە بتوانێت رۆژێک لەڕۆژان بە هاوکاریی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بناغەیەک بۆ مەقامی رەسەنی کوردی دابنێن.
پێنجەم :
پاشخانی رۆشنبیریی
لەهەموو بوارەکانی ژیانداء بە تایبەتی هونەر، گەر بەلایەنی کەمەوە کەسی هونەرمەند خاوەنی پاشخانێکی رۆشنبیریی سادە نەبێت، پێم وایە پێش هەموو کەس زوڵمی لە خۆییء پاشانیش لەوانە کردووە کە کاری هونەرییان بۆ دەکات. پڕبەدڵ خەمبار دەبمء ئاخ هەڵدەکێشم کاتێک دەبینم گۆرانیبێژێک بانگهێشتی دیمانە یان بەرنامەیەک کراوە بە نازناوی (هونەرمەندی بەتوانا)، بەڵام کاتێک دەدوێنرێتء پرسیاری لێدەکرێت، وا هەست دەکەیت ئەم بەڕێزە بە هەموو تەمەنی دوو دێری نەخوێندووەتەوە، من تێناگەم خەڵک چۆن دەتوانێت گوێ لە گۆرانی کەسێک بگرێت کە بەلایەنی کەمەوە نەزانێت قسە بکات، ئیتر ئەم بەڕێزە لەسەر چ بنەمایەک تێکست هەڵدەبژێرێت؟! بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە بۆ میدیای کوردیی کە بێ هیچ کۆتوبەندێک ناوی هونەرمەند بەسەر کەسانی نەشارەزادا بپڕنء بەهۆی ئەوانەوە رووی گەشی کوردء رەسەنایەتیء ئاستی رۆشنبیریی کورد لەبەرچاوی دنیادا بشێوێنن، ئاخر سبەینێ گەر کەسێکی بیانی دیمانەیەکی ئەم کابرایە بەناوی (هونەرمەندی

گەورەی کورد)ەوە بکاتء ئەویش نەشارەزا بێت لەپێشینەی ئەدەبیاتء مۆسیقاو کلتووری گەلەکەی، دەبێت چ کارەساتێک روودات؟!
لەم بوارەدا عەدنان کەریم خاوەن رۆشنبیرییەکی دەوڵەمەندو پاشخانێکی فیکری بەهێزە لەسەر ئەدەبیاتء هونەرء مۆسیقاو کەلتووری میللەتەکەی، وەک لە دیمانەکانیدا هەستم پێکردووە شارەزاییەکی زۆرباشی هەیە لەسەر ئەدەبیاتی کوردیء قوتابخانە ئەدەبییەکان، رۆشنبیرییەکی باشی هەیە لەسەر میوزیکی گەلانء میوزیکی رەسەنی کوردی، هەروەها باری سیاسیء کۆمەڵایەتی گەلەکەی، کاتێک لە بوارەکەی خۆیدا قسە دەکات، زۆر شارەزایانەء بە نموونەی زیندووەوە دەدوێت، لێکدانەوەی شیاوی پێیە بۆ هونەرو ئەو دۆخەی کە تێیدا گەشە دەکاتء کێشە هونەرییەکان، کەم دەردەکەوێتء بەنرخانە قسە دەکات، هەستء نەستی هەموو لایەک رادەگرێتء خۆی ناخاتە کێشەء بەربەرەکانێ بێماناکانی ناو دنیای ئەمڕۆی هونەرەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم پاشخانە رۆشنبیرییە وامان لێدەکات کە شایانی ئەوە بێت گوێ لە گۆرانییەکانیشی بگرین..
شەشەم: هەمەڕەنگیی
عەدنان کەریم بە سایزەرء چەند ئامێرێکی سادەوە لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، چەند شاکارێکی وەک (بیرتان دەکەم)و (کۆچی کوردان) تۆمار دەکات، دواتر لەگەڵ میوزیکژەنانی شارەکەی خۆیدا بەرهەمی (تکا)ی هیوا قادر تۆماردەکات، وەک شاعیرەکەی لە دیمانەیەکدا دەڵێت تا ئێستاش لە لوتکەی گۆرانیی کوردیدایە، دواتر لەگەڵ هونەرمەندانی تاراوگەء بە ١١ گۆرانی بە ئاوازء تێکستی ستایل جیاواز لە (شنەی با)دا دەگەڕێتەوە، پاشان لە دوور وڵاتەوە لەگەڵ نامەکەی نالی بۆ سالم دەگەڕێتەوەء بەجوانترین ئاوازو داهێنەرانەترین شێوە لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداری عێراقیدا بە سۆڵۆی دەنگ نالی دەکاتەوە بە رۆحماندا، دواتریش لەگەڵ کامکاران بەرهەمی (ئەمشەو) تۆمار دەکات کە بەچەند شێوەزارێکی جیاوازی وەک هەورامیء بادینیء لوریء گۆرانی دەچڕێت. پاشان بە (وەفایی) لەگەڵ کامگارانء بە هاوکاریی ئۆرکێسترای تاران، بە کارکردن لەسەر چەند مەقامێکی تەواو جیاواز لەیەک دەبێتەوە میوانی گوێگرانی، هەموو ئەوانە جگە لەوەی جارجارە بەتەنها خۆییء عودەکەیەوە گوڵاوپرژێنی ناخمان دەکات.
ئەم هەمەچەشنییە، ئەم رەنگاورەنگییە لە میوزیکء تێکستء ئاوازء مەقامء شێوەزارەکاندا. هەمیشە هونەرمەند دەخاتە دۆخێکەوە کە لەگەڵ زۆرترین چینء توێژەکانی کۆمەڵگەدا بێت، لەهەمان کاتدا ئاستی تواناو لێهاتوویی هونەرمەند دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک توانیویەتی کۆنترۆڵی ئەو هەموو ستایلە بکات.
لەکۆتاییدا بەڕای من ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە نازناوی (هونەرمەندی نەتەوە) بە عەدنان کەریم بدرێت، لە کۆتاییشدا هیچ دێڕێک لەو دێڕەی مامۆستای گەورە (مەزهەری خالقی) زیاتر شک نابەم تا کۆتایی پێبهێنم بەم نووسینەم، کە لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا دەڵێت (تا هونەرمەند عەدنان کەریم هەبێت، گوناهە بڵێین هونەری کوردیی لە قەیراندایە.(
aras_suli@hotmail.com